کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:11 23-12-2007

# ئەگەر دلێرحەمە کوردستانی !پ. م ی دێرین و کوردستانیە، نابێ بەو شێوەیە سوکایەتی بە منداڵانی شەهیدەکان بکات!! ... شاخەوان ئەحمەد

a.shaxawan@yahoo.com

زۆرن ئەوانەی کە ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای ئەم سەردەمە نەك هەر خراپ بە کار دێنن بگرە بۆ مەرامی پیس گڵاو ترسنۆکانە ئیستیغلالی دەکەن، زۆر بە داخەوە! شەوی 22 / 12/ 2007 لە ژووری (سەکۆی ئازادی پێشمەرگە دێرینەکان –دلێرناوێك- کە ناوی لە خۆی ناوە (دلێر حەمەکوردستانی!) کە ئەگەر تۆزقاڵێك کوردستانی بوایە بەم شێوەیە و زۆر بێ شەرمانە بە قسەی سەرجادە و قسەی دوور لە بەها مرۆییەکان شەکری نەئەشکاند!!، هەتا توانی هێرشی کردە سەر خوشکی بەڕێز (تاڤگە سابیر) بۆیەش ئەڵێم بە داخەوە چونکە لە ژووری پێشمەرگە دێرینەکاندا، هێرشی ناڕەوا وقسەی سوك و درۆ و بوختان بۆ کەسێك هەڵبەستریٚ، کە هەموو کەس ئەزانێت ئەم خوشکە کچی پێشمەرگەیەکی دێرین و شەهیدە، جارێ ئەوەی ئەم دلێرە ووتی هەموو شتێك بوو بەس دلێرانە نەبوو!! زۆر دواکەوتووانە و عەشایریانە قسەی کرد.. ئەو پێیوایە کە ئەوەی ڕەخنە لە یەکێتی بگرێ بە تایبەتیش ڕەخنەی جوان نەك ڕەخنەی رووخێنەرانە پێی وایە ئەوە بێ ئەخلاقە و لەشفرۆشەو... هتد! جارێ من پەیوەندیم بەوە نیە کە ئەم خوشکە ژیانی تایبەتی خۆی چۆنە و چۆن نیە، چونکە ئەمە شتێکی شەخسیە و نابێ تێکەڵاو بکرێ لەگەڵ سیاسەت یان بە مەبەستی سووك کردن بە کار ببرێ، ئەوەی وا تێبگا کە پیاوێك پەیوەنییەکی بە ژنێکەوەیە ئەوە سووکایەتیە بۆ پیاوەکەو ژنەکە، ئەوا لە سەدەی بەردین وسەدە تاریکەکان ئەژیت! ئەوەی پێیوایە ژن بەوە سوکە کە پەیوەندییەکی خۆشەویستی بە پیاوێکەوە هەیە، ئەوە زۆر بە دڵنیاییەوە ئەڵێم خۆی لە فکر و بیرکردنەوە سووکە! ئەو نادلێرە! دڵنیام نە خۆی پێشمەرگەی دێرینە نە کەسێکیتریشی، لەوانەشە ئەم دلێرە جاش بووبێ و باوکی خوشکە تاڤگە دەسگیری کردبێ و تەمبێی کردبێ!، بۆیە بەم قسە سووکانەی ئەیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، یان ئەوەتایە کەسێکی نزیکی جاش یان خۆفرۆش بووە و، باوکی خوشکە تاڤگە بەسزای خۆی گەیاندووە!

ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمان بوو کچێکیش بە ناوی (سنور) کە لەوێ بە ناوی (swe) لە ژوورەکەبوو، ئەویش خراپتر لەم (دلێر حەمە کوردستانیە!) دەمشڕانە هەزارویەك قسەی ناشیرینی کرد، کە دەبوو ئەو خۆی ڕێگە نەدا هەر بە شێوە گشتیەکەی پیاوێ بە عەقڵی دواکەوتوانەی پیاوسالاری وا هێرش بکاتە سەر ژن، بەراستی ئەگەر ئەمانە یەکێتین ئەبێ یەکێتی لێیان پێچێتەوە چونکە ئەوانە لە جیاتی تەعبیر لە حزبێکی سۆسیالدیموکرات بکەن، تەعبیر لە تەواو پێچەوانەکەی یەکێتی دەکەن!

بەهەرحاڵ هیوادارم جارێکیتر لە ژووری پێشمەرگە دێرینەکان سووکایەتی بە منداڵی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان نەکرێ. بەرپرس و ئەدمینی ئەم ژوورە پیرۆزە هەقە ئاگاداری ئەم جۆرە حاڵەتانە بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.